بەرگری شارستانی قەزای سەران تەرمی هاوڵاتییەکی ون بوو دەدۆزێتەوە

بەرگری شارستانی قەزای سەران ئەمڕۆ یەکشەممە (5ـی ئایاری 2024) لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "دوای ئەوەی دوێنێ ئاگادارکراینەوە کەوا هاوڵاتییەک لە کوستانەکانی گوندی زینوی باڵکایەتی ون بووە دوای ئەوەی بە مەبەستی گژوگیای بڕهاری لەگەڵ چەند هاورێیەکی هوویان لێم ناوچەیە کردبوو، تیمەکانمان بەردەوام بوون لە گەڕان و پشکنین، بەڵام ئەمڕۆ تەرمەکەی دەزرایەوە".

ئاماژەی بەوەشکراوە، هاوڵاتییەکە دانیشتووی سەنتەری قەزای ناوەندی سەران و ناوی حوسێن حەسەنە و تەمەنی 60 ساڵە.